بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان – عێراق پێداچوونەوەی بۆ ئەنجامدراوە

## یاسای ژمارە (  ) ی ساڵی ٢٠٢١

### یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠

ماددەی (١):

دەقی بەندی (یازدەم) لە ماددەی (سێیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یازدەم: ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناو و هێمای بازرگانی و وێنەو دیزاینی پیشەسازی و داهێناننامە ).

ماددەی(٢):

حوکمەکانی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە پێڕەو ڕێکدەخرێت.

ماددەی (٣):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٤) :

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی (٥) :

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت .

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بەمەبەستی پێدانی دەسەڵاتی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی بە لایەنێکی فەرمی کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.